# را پرسی بۆ دەستوور ،

# - نا - یەکی گەورە بۆ ناسیۆنالیزمی کورد!

...............................................................

رۆژی 15-10-2005 ، خەلکی کوردستان لە را پرسیاندا بۆ دەستووری قەومی – ئیسلامی ، نا یەکی گەورەیان ووت بەم دەستوورە. من پیش ئەوەی باسی رای خۆم بکەم لەم بارەیەوە دەمەویت چەند شتیك لە راگەیاندن وقسەی بەرپرسانی هەردوو حیزبی دەسەلات دار لە کوردستان وچاودیرەکانی سەر سندووقەکانی دەنگ دان بهینمەوە :

لە بەرنامەیەکی راستەوخۆی کەنالی کوردسات کە شەوی 15لە سەر 16-10-2005 ،کە میوانداری مەلا بەختیار ئەندامی مەکتەبی سیاسی یەکیتی نیشتیمانی کوردستانی کردبوو، بە راشکاوی باسی ئەوەی کرد کە ژمارەیەکی بەرچاو لە خەلك وە بە تاییەت لاوان بەشدار نەبوون لە را پرسیەکەدا و بەرەئی ئەو لاوانی ئەمرۆی کوردستان ئیهمال و بێ موبالاتن.

لە بەر نامەیەکی راستەوخۆی رادیۆ نەوا کە دوای نیوەرۆی 16-10-2005 بە کاتی کوردستان پەخش کرا و تیایدا میوانداری عیماد احمد ئەندامی مەکتەبی سیاسی یەکیتی نیشتیمانی وجیگری سەرۆکی حکومەتی هەریم-سلیمانی و محمود محمد ئەندامی مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان و فەرهاد پیربال مامۆستای زانکۆ ی کردبوو، هەموویان باسیان لەوە کرد کە ریژەی بەشدار بوون بۆ را پرسی لە سەر دەستوور کەم بووە وخەلك حەماسەتی بەشداری نەبووە ،هەر هەمان رۆژ عیماد احمد بە کەنالەکانی راگەیاندنی راگەیاند کە ریژەی بەشدار بووان نزیکەی 65٪ ە.

هەر لە بەرنامەکەی رادیۆ نەوا دا ،یەکیك لەوانەی کە چاودیر بووە لە رۆژی را پرسیەکەدا لە سەر سندووقەکانی دەنگدان ، بە تەلەفۆن مداخەلەی کردو باسی ئەوەی کرد کە خەلکیکی زۆر کەم بەشداری هەلبژاردنیان کردووە وئەسلەن خەلك هیچ حەماسەتیکی نەبووە بۆ بەشداری وبیجگە لەمەش باسی ئەوەی کرد کە لەو ریژە کەمەی بەشدار بووانیش ،ژمارەی ئەوانەی کە بە نەخیر بۆ دەستوور دەنگیان داوە ، بەرچاو بووە وهەروەها لەوەش گرنگتر باسی ئەوەی کرد کە تەزویراتیکی زۆر هەبووە و لە وەلامی بەریوەبەری بەرنامەکەدا کە لیی پرسی بە تحدید و بە نمونە بۆمان باسی ئەو تەزویراتە بکە کە رووی داوە ، ووتی کارتی زیاد خراوەتە سندووقەکانەوە، وە ووتی پیویستە ئیعتراف بکەین و با حجمی خۆمان بناسین.

ئەمە مشتیکە لە خەرواریکی ئەوەی کە رۆژی 15-10-2005 رووی داوە ولە لایەن بەرزترین بەرپرسیانەوە دانی پیدا دەنریت.کە دیارە چ بە پیی ئەو قسانەی سەرەوە بیت و چ بە پیی قسەی ناو خەلك و موشاهەداتی رۆژی را پرسیەکەوە بیت وچ بە پیی تەجروبەی رابردوو بیت لە هەلبژاردن وئەو تەزویر وگۆرانکاریانەی کەلە ئە نجامی کۆتایی هەلبژاردنەکان ولە ژمارەی بەشدار بووان، گۆرانکاری دەکریت ،دەگەینە ئەو نەتیجەیەی کە ریژەی بەشداربوونی خەلك لە پرۆسەی را پرسی بۆ دەستوور لە رۆژی 15-10-2005 دا ، ئەگەر بە زیادیشەوە باسی بکەین ئینجا دەگاتە 50٪ ی خەلکی کوردستان.

ئەمە ئیتر بە مانای هاتنە خوارەوەی کیرڤی سیاسەتی ناسیۆنالیزمی کوردە لە مەر فیدرالیزم و مامە حەمەیی بۆ ئیسلامی سیاسی ، خەلکی کوردستان جیابوونەوە لە عیراق و ژیانیکی مۆدیرن وئینسانیانە و باشتر لە ئیستای دەویت، بەلام دەسەلات دارانی کوردستان دەیانەویت بیا نخزیننە ژیر سایەی دەسەلاتی قەومپەرستی و شۆڤینیزم وکۆنە پەرستی جمهوری ئیسلامیەوە ،ئەمە بە مانای لیك دووری ئاوات و ئاما نجی خەلکی کوردستانە لە گەل سیاسەتی هەردوو حیزبە قەومیە زل هیزەکەی کوردستان.

ئەمە سەرەتای دەست پی کردنی دورەیەکی تازەیە لە خەباتی خەلکی کوردستان کە ماوەی زیاتر لە سالیکە خۆپیشاندان ونارەزایەتیەکانی خەلك موژدەی ئەمەیان بە گویی هەموان راگەیاندووە.

دەکریت لە زۆر لایەنەوە ئەم بەشداری نەکردنەی خەلکی سەرانسەری کوردستان بە گشتی وتویژی لاوان بە تایبەتی ، لە را پرسی بۆ دەستووردا لیك بدریتەوە ، بەلام دەتوانین پە نجە بخەینە سەر سەرەکی ترین هۆکار کە :

*نا بۆ دەستوور، نایەکی گەورە بوو بۆ لکاندنەوەی بە زۆری کوردستان بە عیراقەوە و بەلی بوو بۆ جیاکردنەوەی کوردستان،

* نا بۆ دەستوور ، نایەکی گەورە بوو بۆ دەسەلات و فەرهەنگ و سیاسەت و و کارکردو تبلیغاتی ناسیونالیزمی کورد وهەردوو حیزبە زلهیزەکەی.

وە نایەکی گەورەی خەلك بوو بۆ شیوە ژیانی پاشایانەی دەسەلاتداران و بێ بەشی خەلکی کوردستان، بۆ نەبوونی سەرەتایی ترین پیداویستیەکان و...........هتد.
یەکیتی و پارتی بە دریژایی 14 سالی رابردووی دەسەلاتیان دەیان و سەدان مەینەت و کویرەوەریان بە سەر سەری خەلکی کوردستان هیناوە و بە هەزاران کەس لە خەلکی کوردستان بوونەتە قوربانی سیاسەتە دژی ئینسانیەکانیان،وە کەمترین وەلامیان بە خواست و داواکاریەکانی خەلك داوەتەوە ونەك هەر ئەمە بەلکو هەر بزووتنەوە و نارەزایەتی دەربرینیکی خەلکیان بە گوللە وەلام داوەتەوە .وە داواکانی خەلکیان بە نارەوا حساب دەکرد وهەزار و یەك بیانوویان دەهینایەوە بۆ وەلام نەدانەوە بە خواستەکانی خەلك ،بەلام لەو لاوە خۆیان لە خۆشترین ژیاندا دەژیان وبانقەکانی ئەوروپاشیان پر کردووە لە پارەی دزراوی خەلکی کوردستان .
ئەمرۆ دەورەیەکی تازە دەستی پێ کردووە ،یەکیتی و پارتی سەرەرای ئەوەی کە چەندین کەنالی راگەیاندنیان لە تەلەفزیۆنی سەتەلایت و دەیان تەلەفزیۆنی محلی و چەندین رادیۆی سەراسەری و محلی وجەریدە وسایت و پارەو پولیکی زۆر وبەکار هینانی چەکی ئیمتیازات ووەزیفە وهەرەشەی نان برین و چی و چی لە گەل خەلك بەکار هینا و لە بەرامبەریشدا هیچ مەجالیکیان نەکردبوەوە بۆ مخالیفانی نا بۆ دەستوور وهەر حەرەکە و جوولانەوەیەکی ئەوانەی کە شیعاری نا بۆ دەستووریان هەلگرتبوو ،لە گەل ریگری دەزگاکانی ئاسایش و پۆلیس و ....هتد و پی نەدانی دیناریك لە بودجەی زۆر و زەبەندی کوردستان بە مخالیفانی دەستوور و کردنەوەی سەری کیسەی پارەکانیشیان بۆ خۆیان و بۆ بەرەی بەلی بۆ دەستوور ، بەلام سەرەرای هەموو ئەم واقعیەتانە تەنها لە 50٪ ی خەلك بەشداریان لە پرۆسەکەدا کرد و لەم ریژە کەمەش بەشیکی بەرچاویان بە نەخیر دەنگیان دا بۆ دەستوور .
خەلکی کوردستان بەم نا یە گەورەیە بۆ دەستوور ،لە ریزیکی یەکگرتووانەدا خۆی نیشاندا وتوانی بە هەموو لایەك و بە تایبەت بە یەکیتی و پارتی رابگەیەنیت کە ئیتر دەورەی بێ دەنگی خەلك تەواو بوو ،وە خەلك چیتر لە بەرامبەر بە بی مافیەکانی خۆی ،رازی نابیت،
بەلام هیشتا ئەمە تەنها گۆشەیەکی مەسەلەکەیە و خەلکی کوردستان دەبێ لەریزیکی ریکخراوتر و یەکگرتووتردا خۆیان ریك بخەن وریزی خۆیان بە تەواوی لە ریزی ناسیونالیزمی کورد جیا بکەنەوە کە بیجگە لە بێ بەشی و مەینەت ،هیچی تری بۆ خەلکی کوردستان بە دیاری نەهیناوە .
حیزبی کۆمۆنیستی کریکاری عیراق لە ریزی پیشەوەی خەباتی خەلك لە پیناو کۆتایی هینان بە بی بەشیەکانی خەلك و بەدی هینانی خواست و مافە بەر حەق و رەواکانی راوەستاوە و سەنگەریکی قایمە لەم راستایەدا ، بانگەوازی لاوان و خەلکی نارازی دەکەم بین بە حیزبەوە پەیوەست بن.

**ئازاد احمد**

2005-10-17